سەروتار

# گۆڤاری وەرەقی و گۆڤاری ئەلیکترۆنی




**د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**


تەمەنی گۆڤارە ئەدەبییەكان لە رۆشنبیریی كوردیدا سەدەیەك زیاترە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە گۆڤاری ئەدەبی ئامرازێكی گرنگ بوو بۆ پێشكەوتنی ئەدەبی و فیكری و وەرگێران و نوێكردنەوەی ئەقڵی و گەشەپێدانی زمان و تێكستی ئەدەبی. وەك مینبەرێكی گرنگی كولتووری، لەماوەی ئەو سەدەیەدا رۆڵێكی گرنگی لە گەشەپێدانی رۆشنبیری و ئەدەب و رەخنەی كوردیدا هەبووە، گۆڤاری كوردی لە (رۆژی كورد)ەوە بۆ (گەلاوێژ) و (بەیان) و (رۆشنبیری نوێ) و (رۆژی كوردستان) و (نووسەری كورد) و (كاروان) و هەروەها گۆڤارە دەورییەكانی وەكو (هاودەنگ) و (فۆلكلۆر) و (نێرگز) و (شنروێ)، لەدوای راپەرینیشەوە (رامان) و (سەردەم) و (سەراب) و (ئازادی) و (بوون) و (نڤار) و (رەهەند) و (ئاییندە) و لیستەكە زۆر درێژە، ئەمانە بەر لە شۆڕشی خێرای تێكنۆلۆژی و لەنێوبردنی گۆڤاری وەرەقی، رۆڵێكی ئێجگار كاریگەریان لە پێشخستنی ژانرەكانی ئەدەب و رەخنەدا هەبووە، گوڕو تینێكی بەرچاویان لە پرۆسەی داهێناندا هەبووەو برەوێكی پتریان بە خوێندنەوەو خوێنەر داوە.

شۆڕشی تێكنۆلۆژی و ئەلیكترۆنی لە سەرەتادا رۆڵێكی دیاری لە چاپكردنی گۆڤارەكاندا هەبوو كە بەشێوەیەكی جوان و سەرنجڕاكێش و رەنگاوڕەنگ، بە وێنەو تابلۆی هەمەڕەنگ، لەتەك تێكستەكان و لێكۆڵینەوە ئەدەبی و فیكرییەكاندا بلاو دەكرانەوە. بەداخەوە بەهۆی شۆڕشی ئەلیكترۆنیی خێراوە بەشی هەرە زۆری ئەو گۆڤارانە داخران یان لە گۆڤاری وەرەقییەوە كران بە گۆڤاری ئەلیكترۆنی، پێشتریش زۆربەی گۆڤارە كوردییەكان بەهۆكاری سیاسی یان دارایی وەستێنراون یان رێگرییان بۆ دروست كراوە، یاخود بەناچاری بەنهێنی دەركراون.

بە بۆچوونی من گۆڤاری ئەلیكترۆنی ناتوانێت وەكو گۆڤاری وەرەقی خوێنەرێكی زۆر لەخۆی كۆ بكاتەوەو تەنانەت ناتوانێت نووسەران و ئەدیبانیش لەخۆی بگرێت و باشترین تێكستەكانیان بلاو بكاتەوە، ئەمرۆ فەیسبوك تا ئەندازەیەكی زۆر بووەتە ئەلتەرناتیڤی گۆڤارو رۆژنامە ئەدەبیەكان بۆ بلاوكردنەوە، ئەمەش ئەوەندەی تر بەهای گۆڤاری ئەدەبی هێناوەتە خوارێ. گۆڤاری ئەلیكترۆنی نە خوێنەری زۆری هەیە نە ئەو بەهایەی جارانیشی هەیە، ئەمە حاڵەتێكە بەتەنها رووی لە گۆڤارو رۆژنامەی كوردی نییە، بەڵكو دیاردەیەكی جیهانییە، بۆ نموونە گۆڤاری (نیوزویك)ی ناوداری ئەمێركی و گۆڤاری (الاداب)ی بەیرووتی و گۆڤاری (فصول)ی میسری، لە گۆڤاری وەرەقییەوە بوون بە گۆڤاری ئەلیكترۆنی و دەیان نمونەی دیكەی لەو چەشنە هەن.

لەتەك ئەم دۆخەی گۆڤاری ئەدەبیدا، هێشتا چەندین گۆڤار لە ئاستی جیهاندا هەن بەشێوەی وەرەقی بەردەوام دەردەچن و خوێنەرانێكی زۆرو ئەدیبانێكی داهێنەریان لـەدەوری خۆیان كـۆكـردۆتـەوە، لە كوردستانیشدا سەرباری دۆخی ناهەمواری دارایی و سـەرەڕای شۆڕشی بێئامانی ئەلیكترۆنی، هێشتا چەند گۆڤارێكی ئەدەبی هەن بەردەوان بەشێوەی وەرەقی دەردەچن، هەم گوڕوتینی بڵاوكردنەوەی تێكستی ئەدەبییان بەهێزەو هەم هێشتا خوێنەران و نووسەرانێكی داهێنەریان لە دەورە، گۆڤاری (باران) یەكێكە لەو گۆڤارانەی ئەمرۆ رۆڵ وكاریگەری لە ئەدەب و فیكرو تێكستی كوردیدا هەیە، هیواخوازم بەو شێوە چاپە وەرەقییە بەردەوام بێت، چونكە بڵاوكردنەوەو خوێندنەوەی گۆڤاری وەرەقی چێژ و رەونەقێكی جیاوازی هەیە.